بڵاوکراوەی ژ. ١
تەمووزی ٢٠٢٣



بەخێربێن بۆ یەکەمین هەواڵنامەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە دەربارەی

# یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردەوەی دادپەروەرانە (ناسراو بە C4JR)، بە بەردەوامی هەواڵنامە دەربارەی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی (ناسراو بە YSL) بڵاو دەکاتەوە، ئەمەش لە مانگی تەمووزی ٢٠٢٣ەوە بە هەرسێ زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و کوردی (کرمانجی سەروو و ناوەند). ئامانج لەم هەواڵنامەیە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی دروست و نوێکراوەیە لەسەر یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی. هەر لێرەوە بۆچوون و ئەزموونەکانی ئەو لایەنە کارایانە بڵاو دەکەینەوە، کە لە جێبەجێکردنی ئەم یاسایە بەشدران، کە مەبەست لێی چارەسەرکردنی کاریگەرییەکانی ئەو دڕندەییانەی داعشە کە لە عێراق ئەنجامی داون.

## هەواڵ و نوێکاریەکان دەربارەی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی

### ئاماری داواکارییەکان

لە ١٩ی حوزەیرانی ئەمساڵدا، وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ڕایگەیاند کە تێکڕای ١٦٧٠ داواکاری پێشەکەس کراوە، لەناویاندا ١٠١٥ داواکاری ڕێکارەکانیان تەواو کردووە بۆ ئەوەی مووچەکانیان وەر بگرن. لە هەمان کاتدا، بڕیاری ئەرێنی بۆ ٤٨٥ ژن و ٣٥٣ منداڵ دەر چووە و تا ئەم ڕێکەوتە تێکڕای ٦٠٣ ماستەرکارد بۆ سوودمەندان دەرکراوە.

بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی ئەم بەستەرە بکە: https://www.molsa.gov.iq/?article=2432

### جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی

یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی کۆمەڵێک سوود لەشێوەی قەرەبوودا لەخۆ دەگرێت، کە دەبێت بۆ هەر ڕزگاربوویەک کە داواکارییەکەی پەسەند کراوە دابین بکرێت. قەرەبووەکانیش بریتین لە: ١) مووچەیەکی مانگانە، ٢) خزمەتگوزارییەکانی ڕاهێنانەوە، ٣) گەڕانەوە بۆ سەر خوێندن، ٤) لەپێشیبوونی ڕزگاربوو بۆ دامەزراندن لە کەرتی گشتی، ٥) یەکەیەکی نیشتەجێبوون یان پارچەیەک زەوی. هێشتا دابەشکردنی هەموو قەرەبووەکان دەستی پێ نەکردووە.

- لە مەراسیمێکدا کە لە ١ی ئازاری ٢٠٢٣دا ساز کرا، بەڕێوبەری گشتیی کاروباری ڕزگاربووان یەکەم مووچەی مانگانەی لەژێر یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدیدا دابەش کرد. لە مەراسیمەکەدا ٢٤ ڕزگاربووی ئێزدی (٢١ ژن و ٣ پیاو) کارتی بانکیی (QiCards)یان وەر گرت، کە دەتوانن بۆ ڕاکێشانی مووچە مانگانەکەیان بەکاری بهێنن. بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی ئەم بەستەرە بکە: bit.ly/3xYNI76

**"لە مانگی نیسانی ئەمساڵەوە مانگانە پارە وەردەگرم. ئەم پارەیە بۆ من وەک مووچەیەکی مانگانە بووە، یارمەتیدەرم بووە بۆ دابینکردنی پێداویستیی مانگانەم."**
**-ڕزگاربوویەکی ئێزدی**

- بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو بۆشاییانەی ئێستا هەن لە دابینکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییە دەروونییەکان لەلایەن دامەزراوەکانەوە، بەڕێوەبەرایەتییەکە لە ٢٨ی ئازاری ٢٠٢٣دا ڕێککەوتننامەی لەگەڵ هەشت ڕێکخراوی ناحکومی واژۆکردووە

بۆ پاڵپشتیی دەروونی ڕزگاربووان، چ لە کاتی داواکارییەکانیان بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی و چ دوای پەسەندکردنی داواکارییەکانیان. ڕێکخراوەکان بریتین لە: ڕێکخراوی فەریدەی جیهانی، دامەزراوەی ئێزدی ئازاد، ڕێکخراوی درووستکەرانی هیوا بۆ خانمان، ڕێکخراوی دیالۆگی نێوان کلتوورەکان بۆ گەشەپێدان و فریاگوزاری، دەستەی یەسوعی بۆ خزمەتگوازرییەکانی پەنابەران، دەزگای ژیان بۆ مافەکانی مرۆڤ، دامەزراوەی سید، ڕێکخراوی یەزدا.

ڕزگاربووان دەتوانن داوا لە بەڕێوبەرایەتییەکە بکەن ڕەوانەی ئەو ڕێکخراوە ناحکومییانەیان بکەن، کە لە نزیک خۆیانن و خزمەتگوزاریی پاڵپشتی دەروونی پێشکەش دەکەن. تا ئێستا بەڕێوبەرایەتییەکە ٢١ ڕزگاربووی بۆ وەرگرتنی پاڵپشتی دەروونی ڕەوانە کردووە.



وۆرکشۆپی چالاککردنی سیستەمی ڕەوانەکردن بۆ وەرگرتنی پاڵپشتیی دەروونی و خزمەتگوزارییە دەروونی کۆمەڵایەتیەکان، بۆ بەڕێوبەرایەتی کاروباری ڕزگاربووان، لە ٢٨ی ئازاری ٢٠٢٣. بۆ زانیاری زیاتر، سەردانی ئەم بەستەرە بکە: bit.ly/3KdYPKy

- لە ١٩ی حوزەیرانی ٢٠٢٣دا، بەڕێوبەرایەتییەکە پشتگیریی گەڕانەوەی ١٣ڕزگاربووی بۆ خوێندن کرد، هەروەها ٢٧ ڕزگاربووی دیکە ئامادە دەکرێن بۆ ئەوەی سەرەتای ساڵی داهاتوو بگەڕێنەوە بۆ خوێندن.
- لە ٢٣ی ئایاری ٢٠٢٣دا، سەرۆکوەزیران محەمەد شەیاع سودانی فەرمانی دا بە جێبەجێکردنی بڕگەی٦-٢ ی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی، کە تیایدا دیاری کراوە پارچەیەک زەوی یان قەرزی خانووبەرە یان یەکەیەکی نیشتەجێبوون بە ڕزگاربووە شایستەکان ببەخشرێت.
- لە ١٩ی حوزەیرانی ٢٠٢٣دا، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لەگەڵ بەڕێوبەرایەتییەکەدا دووەمین کۆنفرانسی ساڵانەیان لەسەر یاسای ڕزگاربووانی

ئێزدی بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی نەهێشتنی توندوتیژیی سێکسی و ململانێوە ئەنجام دا. هەر یەک لە ڕزگاربووان و نوێنەرانی C4JR لە کۆنفرانسەکەدا ئامادە بوون. جەنابی وەزیر ڕایگەیاند، کە حکومەتی عێراقی لە بودجەی ساڵی ٢٠٢٣دا نزیکەی ٢٥ ملیار دیناری بۆ بەڕێوبەرایەتییەکە تەرخان کردووە.

یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی کار دەکات بۆ گەڕان بەدوای ونبووان و هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و دەرخستنی ناسنامەی قوربانییەکان و یادکردنەوەیان، هەروەها هاوکار دەبێت بۆ لێپێچینەوەی یاسایی لە ئەندامانی داعش. یاساکە ئەرکی ئەوەی بە بەڕێوبەرایەتییەکە سپاردووە، کە پاڵپشت بێت لە بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی بۆڕزگاربووان. بەڕێوبەرایەتییەکە لەمێژە کاری بۆ ئەم ئامانجانە کردووە، ئەمەش لە ڕێگەی پشتگیریکردنی هەوڵەکانی گەڕان بەدوای کەسە ونبووەکان و لێپرسینەوە و دابینکردنی بەڵگەنامە مەدەنییە ونەکان. هەواڵنامەکانی داهاتوو زانیاریی زیاتر لەسەرئەم بابەتە لەخۆ دەگرێت.

### ئاستەنگەکان

هەر هەواڵنامەیەک تیشک دەخاتە سەر ئاستەنگێک یان زیاتر لە جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدیدا، کە دێنە بەردەم ڕزگاربووان یان لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە. لەم وەشانەدا، C4JR سەرنجتان ڕادەکێشێت بۆ ئەو مەرجەی بۆ ڕزگاربووان دانراوە، کە دەڵێت دەبێت ڕزگاربووان سکاڵای تاوانکاری تۆمار بکەن بۆ ئەوەی بەپێی یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی شایستەی قەرەبووکردنەوە بن.

دوای ماوەیەکی کەم لە کردنەوەی پرۆسەی داواکاری لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری ڕزگاربووانەوە، لیژنەی بەرپرس لە بڕیاردان لەسەر داواکارییە تاکەکەسییەکان بڕیاری دا کە دەبێت داواکاران بەڵگەنامەیەک پێشکەش بکەن کە نیشانی بدات سکاڵای تاوانکارییان لە دژی تاوانبارانی داعش تۆمارکردووە. ئەم مەرجە بە مەبەست لە یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی یان پەیڕەوی ناوخۆدا نەخراوەتە ڕوو بۆ ئەوەی بارگرانییەکی نارەوا لەسەر ئەو ڕزگاربووانە نەبێت، کە پێشتر دووچاری زەبرێکی قورس بوونەتەوە.

بۆ بەدەستهێنانی ئەم بەڵگەنامەیە، ڕزگاربووان ناچارن سەردانی بنکەی پۆلیس و دادگای لێکۆڵینەوە بکەن لە ناوچەی ڕەسەنی خۆیان لە نەینەوا و لێدوان لەسەر ئەو پێشێلکارییانە پێشکەش بکەن، کە لەماوەی دەسبەسەرییان لای داعش دووچاری بوونەتەوە. زۆر جار ئەم سەردانەی سەرەتا کۆمەڵێک سەردانی شوێنی دیکەی بەدوادا دێت، لەناویاندا سەردانکردنی دادگای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر.

**"لە مانگی شوباتی ئەمساڵدا، بە مەبەستی پێشکەشکردنی داواکاری بەپێی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی، سەردانی دادگام کرد. لە مانگی نیسان دا ڕێکارەکانم تەواو کرد، سەردانەکەی دادگا باش بوو و کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەرم نەبوو، بەڵام ڕێکارە یاساییەکان بۆ دەرکردنی نووسراوی لێکۆڵینەوەی پەیوەست بە یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی، کاتێکی زۆری ویست". -ڕزگاربوویەکی تورکمان لە ڕەگەزی مێ**

ئەم مەرجە بەربەستێک لەبەردەم داواکردنی قەرەبوو بۆ گەلێک لە ڕزگاربووان دروست دەکات. پێشبینی دەکرێت بۆ ئەمە ڕزگاربووان دووریی زۆر ببڕن و خۆشیان خەرجی گەشتەکەیان دابین بکەن، بۆیە گەلێک ڕزگاربوو دەستیان بە دادگا ناگات. ئەمە بەتایبەت بۆ ئەو هەزاران ڕزگاربووە قورس یان ڕەنگە مەحاڵ دەبێت کە لە دەرەوەی وڵات دەژین و ناتوانن قەرەبووەکان وەر بگرن، چونکە ناتوانن بگەڕێنەوە.

C4JR و زۆرێک لە ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی دیکە بانگەشە بۆ لابردنی ئەم مەرجە دەکەن. بۆ زانینی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە، سەردانی ئەم بەستەرە بکە: https://c4jr.org/ku/0604202327298
بۆ بیستنی بۆچوونی ڕزگاربووان، تەماشای ئەم ڤیدیۆیە بکە:
https://www.facebook.com/watch/?extid=CL-UNK-UNK-UNK-IOS_GK0T-GK1C&mibextid=2Rb1fB&v=883489246284910.

لە کاتی بڵاوکردنەوەی ئەم هەواڵنامەیەدا، تەنیا داواکارییەکانی ئەو ڕزگاربووانە جێبەجێ دەکرێن کە ئەو بەڵگەنامەیە پێشکەش دەکەن کە نیشانی دەدات سکاڵای تاوانکارییان تۆمار کردووە. ئەگەر گۆڕانکاری لەم مەرجەدا ڕوویدا، C4JR دەستبەجێ نوێترین پێشهاتەکان بڵاو دەکاتەوە.

ئەو ڕزگاربووانەی C4JR دەربارەی داواکارییەکەی دادگا چاوی پێیان کەوت هاوڕا بوون لەسەر ئەوەی نابێت ڕزگاربووان زۆریان لێ بکرێت کاغەزی لێکۆڵینەوە پەیدا پێشکەش بکەن. هەروەها جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت ڕێکاری تر هەبن بۆ دیاریکردنی ئەوەی ئایا داواکارێک بەڕاستی ڕزگاربووە یان نا و هەروەها پێویستە لیژنەکە پەنا بباتە بەر هەموو بەڵگە بەردەستەکانی دیکە بۆ پشتڕاستکردنەوەی داواکان، وەک ئەو بەڵگەنامانەی لەلایەنە لایەنە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانەوە دەر چوون، یان چاوپێکەوتنەکانی لیژنەکە لەگەڵ ڕزگاربووواندا. ڕزگاربووان هەروەها جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت ئەندامانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، ئەمەش لەڕێی هەماهەنگی لەنێوان بەڕێوبەرایەتییەکە و ئەو لایەنانەی تر کە بەڵگە کۆ دەکەنەوە.

## لە ڕزگاربووانەوە

### پەیامێک لە ئەنجومەنی ڕزگاربووانی هاوپەیمانییەکەوە

**"یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی بۆیە گرنگە، چونکە دانپێدانانە بەو دڕندەیی و نادادپەروەرییانەی بەسەر ئێمەی ڕزگاربووی دەستی داعشدا هاتووە، بەڵێنی لێپرسینەوە لە ئەندامانی داعش دەدات. هەروەها ڕێگە بە ڕزگاربووان دەدات لە ڕووی داراییەوە سەربەخۆ بن و چەندین پێداویستی دیکە دابین بکەن.**

**پێویستە حکومەتی عێراق بودجەیەکی پێویست بۆ جێبەجێکردنی هەموو بڕگەکانی یاساکە تەرخان بکات، نەک تەنها بڕگەی قەرەبووکردنەوە. هەروەها لە ئەگەری هەبوونی هەر پێشنیازێکدا بۆ باشترکردنی یاساکە، پێویستە ڕاوێژ بە ڕزگاربووان بکرێت. ئێمە وەک ڕزگاربووان نامانەوێت هیچ گۆڕانکارییەک بەبێ ڕاوێژکردن لەگەڵ ئێمەدا بکرێت."**

### بابەتەکانی داهاتووی هەواڵنامەکە

هاوپەیمانی بۆ قەرەبوکردنەوەی دادپەروەرانە (C4JR) ڕاپرسییەکی ئامادەکردووە بۆ ئەوەی زیاتر لەسەر بیرکردنەوە و بۆچوونی ڕزگاربووان سەبارەت بە پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی بزانێت. بەم زووانە پەیوەندی بە ڕزگاربووانەوە دەکەین، گەر ڕەزمەند بوون بانگهێشتیان دەکەین بۆ بەشداری کردن لە ڕاپرسییەکەدا. هەروەها ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکە لێرەدا بەبێ ئەوەی زانیارییە کەسییەکانیان دەربکەوێت بڵاو دەکەینەوە. هیوادارین لەڕێگەی ڕاپرسیەکەوە بتوانین باشتر سەرکەوتن و ئاستەنگ و پێداویستییەکانی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی دەستنیشان بکەین.

# هیچ دوا وادەیەک بۆ پێشکەشکردنی داواکاری نییە!

## ئەگەر تۆ ڕزگاربوویت، لێرەدا دەتوانیت بزانیت چۆن داواکاری پێشکەش بکەیت

**ئەگەر تۆ لەیەکێک لەم گروپانەی خوارەوەدایت، یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی قەرەبووت پێشکەش دەکات:**

- ژنە دیلە ڕزگاربووەکانی ژێر دەستی داعش، کە پێگەیشتوو یان خوار تەمەنی یاسایی بن و لە پێکهاتەکانی ئێزدی، شەبەک، مەسیحی یان تورکمان بن.
- پیاوانی ئێزدی، کە ئەو کاتەی تەمەنیان خوار ١٨ ساڵ بووە و لەلایەن داعشەوە ڕفێندراون.
- هەموو ئەو کەسانەی لە پێکهاتەکانی ئێزدی، شەبەک، مەسیحی، تورکمانن و لەلایەن داعشەوە ڕفێندراون و بە شێوەیەکی کەسی لە ڕووداوێکی دیاریکراوی کۆمەڵکوژیی داعش ڕزگاریان بووە.

**داواکارییەکان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری ڕزگاربووان دەکرێت. دەتوانیت بە سێ شێوە داواکاری پێشکەش بکەیت:**

- وەرگرتنی وادەی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکە لە یەکێک لە فەرمانگەکانیان لە شنگال یان موسڵ، پاشان سەردانکردنی فەرمانگەکە لە وادەی دیاریکراودا. دەتوانن وادەی چاوپێکەوتن لەم بەستەرەدا دیاری بکەن https://ur.gov.iq/login.. بۆ زانیاری لەسەر چۆنیەتی دانانی وادەی چاوپێکەوتن، تەمەشای ئەم ڤیدیۆیە بکە: https://www.youtube.com/watch?v=6ARuIcl4gYU&ab_channel=IOMIRAQ
- پڕکردنەوەی فۆرم و بردنی بۆ بەڕێوبەرایەتییەکە بە دەستی. لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا پێویستە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو بەستەرەی سەرەوە ناوت تۆمار بکەیت بۆ ئەوەی کۆدی تۆمارکردنی تایبەتی خۆت بەدەست بهێنیت.
- پێشکەشکردنی داواکاری بە شێوەی سەرهێڵ. دەتوانیت داواکارییەکەت، لەگەڵ هاوپێچی وێنەیەک لە ناسنامەکەت و هەر بەڵگەنامەیەکی پشتگیری کە هەتە لەو بەستەرەی سەرەوە پێشکەش بکەیت. بۆ زانیایی زیاتر لەسەر چۆنیەتی پێشکەشکردنی داواکاری بە شێوازی سەرهێڵ، لەم ڤیدیۆیە بڕوانە: https://www.youtube.com/watch?v=QfoDfQWwErE&ab_channel=IOMIRAQ

دەتوانیت بە تەنیا خۆدی خۆت داواکاری پێشکەش بکەیت، پێویستت بە پارێزەر و ڕێکخراوی ناحکومی بۆ پێشکەشکردنی داواکاری نییە. ئەگەر خوازیاری هاوکاریی بوویت لە پێشکەش کردنی داواکارییەکەت، دەتوانیت پەیوەندی بە ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ناوچەکەتەوە بکەیت. **وادەی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدی کراوەیە. هەروەها هیچ پارەیەک بۆ پێشکەشکردن نادەیت.**

دەتوانیت لە فەیسبووک ئاگات لە ئاگادارییەکانی بەڕێوبەرایەتییەکە ببێت:

https://www.facebook.com/profile.php?id=100076062182514

## ئەندامانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبوکردنەوەی دادپەروەرانە (C4JR) بناسە

لە هەر هەواڵنامەیەکدا، تیشک دەخەینە سەر کارەکانی دوو ڕێکخراوی ئەندامی هاوپەیمانیەکە، کە کاری پەیوەست بە یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی ئەنجام دەدەن. هەروەها زانیاریی پێویست لەسەر شوێن و چۆنێتی پەیوەندی پێوەکردنیان دەخەینە ڕوو.

### دامەزراوەی ئێزدی ئازاد – خانکێ، شێخان، شاریا



دامەزراوەی ئێزدی ئازاد (FYF)، تیمێکی پاراستنە کە هەموویان لە ڕەگەزی مێن و کار لەگەڵ ڕزگاربوواندا دەکەن، لەناویاندا ئەو ڕزگاربووانەی لەئەنجامی دەستدرێژی سێکسییەوە خاوەنی منداڵن. ئەمەش لەڕێی دابینکردنی پاڵپشتیی تەندروستیی دەروونی و خزمەتگوزارییە دەروونی-کۆمەڵایەتییەکان بۆیان، هەروەها پشتگیریکردنیان بۆ داواکردن و وەرگرتنی قەرەبووەکان و دەستگەیشتیان بە کۆمەڵێک خزمەتگوزاریی کە بەشێوەیەکی گشتگیر پێویستییەکانیان پڕ دەکەنەوە و هێزیان بۆ چاکبوونەوە و وەستانەوە لەسەر پێی خۆیان دەدەنێ. بۆ بەدیهێنانی ئەمەش تیمی دامەزراوەی ئێزدی ئازاد ئەم ئەرکانە دەگرێتە ئەستۆی:

- هاوکاریکردنی ڕزگاربووانی سەر بە یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی لە پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکاری و وەرگرتنی قەرەبووەکان لەسایەی ئەو یاسایەدا؛
- دابینکردنی پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی و دەروونی بۆ ڕزگاربووان، وەک پێشکەش کردنی چارەسەری زەبری دەروونی و دانیشتنەکانی چارەسەری تاکەکەسی یان بە گروپ.
- دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی تایبەت بە بژێوی ژیان و خوێندن بۆ ڕزگاربووان؛
- پاڵپشتیکردنی ڕزگاربووان بۆ دەستگەیشتنیان بە دادپەروەری لەڕێگەی لێپرسینەوە لە ئەنجامدەرانی تاوانەکان
- دابینکردنی بۆشایی و سەرچاوەی ئارام بۆ بەهێزکردنی ڕزگاربووان تا بەرگریی لە مافەکانیان بکەن، لە ناویاندا مافی قەرەبووکردنەوە؛

- هەماهەنگیکردن لەنێوان بەڕێوبەرایەتیی گشتیی کاروباری ڕزگاربووان و ڕاوێژکارانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ بۆ باشترکردنی جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی تاوەکو کاریگەرانەتر جێبەجێ بکرێت و چەقی بایەخی ڕزگاربووان بێت.

ڕزگاربووان دەتوانن ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی هەر یەک لەم ژمارانەوە پەیوەندیی بە تیمی دامەزراوەی ئێزدی ئازادەوە بکەن:

+9647502068053

+9647510358018

+9647805059772

## داد بۆ مافی کەمینەکان – نەینەوا

ڕێخکراوی داد بۆ مافی کەمینەکان، بەم شێوازانەی خوارەوە پاڵپشتیی ڕزگاربووان دەکات:

- تۆمارکردنی داواکارییەکانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی لەڕێگەی پۆرتاڵە ئەلیکترۆنییەکەوە؛
- دابینکردنی پاڵپیشتیی دەروونی و یاسایی بۆ ڕزگاربووان؛
- بەدواداچوونکردن بۆ بابەتی کاغەزی لێکۆڵینەوەکان

ڕێکخراوی داد بۆ مافی کەمینەکان، نووسینگەی هەیە لە گەڕەکی ئەڕابی لە بەعشیقە. ڕزگاربووان دەتوانن لەڕێگەی ئەم ژمارە و ئیمەیڵەی خوارەوە پەیوەندیی بە ڕێکخراوەکەوە بکەن:

jomr_ngo@yahoo.com

+9647508194265

## دەربارەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە (C4JR)

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە (C4JR) هاوپەیمانییەکە لەنێوان ٣٣ ڕێکخراوی ناحکومیدا بەستراوە، کە داوای قەرەبووکردنەوەی گشتگیر بۆ قوربانیانی تاوانکارییە دڕندانەکانی سەردەمی شەڕی داعش لە عێراق دەکەن. ئەم هاوپەیمانیە پشت بەیاساکانی عێراق و یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ دەبەستێت بۆ پشتگیریکردن لە داواکارییەکانی ڕزگاربووان، بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەیان و هاندانی دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی خۆیان لە دابینکردنی قەرەبووەکاندا. هاوپەیمانییەکە کاردەکات بۆ ئاگادارکردنەوە و داکۆکیکردن و خستنەڕووی چارەسەری گونجاو، هەروەها بۆ بەشدارپێکردنی لایەنە پەیوەندیدارە جیاوازەکان بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە ڕزگاربووان مافی خۆیان بۆ قەرەبووکردنەوە بەدی دەهێنن، ئەمەش لەڕێگەی دابینکردنی بۆشاییەک بۆ وردبینی و هاوکاری و بیرکردنەوە.

ئەمانە ئەو کارانەن کە هاوپەیمانییەکە لە چەند مانگی ڕابردوودا بۆ یاسای ڕزگاربووانی ژنانی ئێزدی کردوونی:

- بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێک بە ناونیشانی: زیاتر لە "مەرەکەب لەسەر کاغەز": هەلسەنگاندن دوای دوو ساڵ لە جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی، کە لەم بەستەرە بەردەستە: https://c4jr.org/ku/0203202327127
- تۆمارکردنی ئەڵقەیەکی پۆدکاست لەگەڵ سەرۆککۆماری پێشووی عێراق د. بەرهەم ساڵح ، کە تیایدا تێڕوانینەکانی خۆی سەبارەت بە تێپەڕاندن و جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی باس کرد. دەقی چاوپێکەوتنەکە لەم بەستەرەدا بەردەستە: https://c4jr.org/ku/0803202327191
- لە ڕێکەوتی ١٩ی حوزەیرانی ٢٠٢٣، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی سێکسی پەیوەست بە ململانێکان، هاوپەیمانییەکە کۆبوونەوەیەکی ڕاوێژکاریی لەگەڵ ڕزگاربووان و ئەندامەکانیدا ئەنجام دا. ئەمەش بە ئامانجی باشتر تێکەڵکردنی بۆچوون و دیدگاکانی ڕزگاربووان لە بەرنامەسازی و داکۆکییەکانی هاوپەیمانییەکەدا.

بۆ زانیاریی زیاتر، لێرەوە سەردانی ماڵپەرەکەمان بکە: www.c4jr.org

## پەیوەندیمان پێوە بکە

بۆ هەر پێشنیارێک سەبارەت بەم هەواڵنامەیە، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکەن لەڕێگەی پۆستی ئەلیکترۆنی info@c4jr.org. بۆ ئاگاداربوون لە نوێترین هەواڵ و چالاکییەکانمان، لەم بەستەرانەی خوارەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵمان بن.

IOM
UN MIGRATION

ئەم بڵاوکراوەیە لە ڕێگەی ئەو پشتگیرییەوە هاتووەتە کایەوە، کە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) پێشکەش کراوە، بەپێی مەرجەکانی حکومەتی هۆڵەندا. ئەو بۆچوونانەی لێرەدا دەربڕدراون، تایبەتن بە هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە و مەرج نییە ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە عێراق بن.